## یەکێتی مامۆستایانی کوردستان

## لقی هەولێر

بە هاوکاری وەزارەتی پەروەردە

ئەم نامیلکەیە لە چاپ دراوە

چاپخانەی شەهاب هەولێر

2007



## .. بەناوی خوای گەورە و میهرەبان ..

### مامۆستایانی بەرێز

پێوەری پێشکەوتن لە هەر وڵاتێکدا ئەوەیە ئاخۆ تاچ رادەیەك پرۆسەی پەروەردە و فێربوون ئاکامەکانی خۆی دەپێکێ ..

پرۆسەی خوێندنیش سەرکەوتن وەدەست ناهێنێ ئەگەر مامۆستایان هەست بە لێپرسینەوە نەکەن و ئەرکەکانی خۆیان وەکو پێویست ئەنجام نەدەن .. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ مامۆستایان کاریگەرێتی خۆیان لەدەست نیشان کردنی دوا رۆژی گەلی کوردستانی خۆشەویستمان هەیە ..

دڵنیاین بەرێزتان خۆتان بە زانستە هاوچەرخەکان چەکدار دەکەن و هەمیشە وەکو پێشمەرگەیەکی وەفادار لە سەنگەرەکانی پەروەردە و فێربوون داکۆکی لە نیشتیمانەکەتان دەکەن و نەوەکانی داهاتووی ئەم گەلە زۆر لێکراوەش بەجۆرێك پێدەگەیەنن کە بشێن هۆشیارانە رووبەرووی ناحەزان ببنەوە و ئەم ئەزموونەش کە بەرهەمی خەباتی پەنجا ساڵەی بارزانی هێما و بەرهەمی خەباتی خوێنی گەشی شەهیدە نەمرەکانە بپارێزن و رۆژ لە دوای رۆژیش گەشەی زیاتر پێ بدەن و مافە رەواکان کەلەم قۆناخە خۆی لە فیدرالیەت دەنوێنێ دەستەبەر بکەن ..

بەڕێزان ..

دەقی یاسای - یەکێتی مامۆستایانی کوردستان - مان لەم نامیلکەیە بە هاوکاری وەزارەتی پەروەردە بە چاپ گەیاندوە، تکایە بایەخێکی تەواوی پێ بدەن و ماددە بە ماددە بیخوێننەوە و لێی حالی ببن . بۆ ئەوەی یەکێتیەکەتان زیاتر بناسن و زانیاری تەواوتان لەسەری هەبێ . ئەگەر دەزانن یاسایەکە پێویستی بە هەموار کردن هەیە - ماددەیەك یا زیاتر - ئیزافە بکرێ یا بسڕێتەوە ئەوا لە ڕێگای نوێنەرەکەتان ئاگادارمان بکەنەوە بۆ ئەوەی ئێمەش لە کۆبوونەوەکانی خۆمان بیان خەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە ،،بەو ئومێدەین ڕۆژی ٢٠٠٢/٩/٢٤ هەڵبژاردن لە پارێزگای هەولێر لەکەش و هەوایەکی فرە ئازاد ئەنجام بدەین ،، داوا لە بەڕێزتان دەکەین کەستان لەدەنگدان دوا نەکەوێ و دەنگ بدەنە ئەو بەڕێزانەی کە خۆتان بڕوایان پێدەکەن ،، نیشانەی سەرکەوتنی هەر هەڵبژاردنێك ئەوەیە ڕێژەی دەنگدەران لە چاو ڕێژەی کۆی ئەو کەسانەی دەنگدانەکە دەیانگرێتەوە ، ڕێژەیەکی گەورە بێ ،، جاهەرچەندە ڕێژەکە بەرز بێتەوە ئەوەندەش ئاستی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکەش بەرز دەبێتەوە ..



سوپاس و پێزانینی بێ ئەندازەی لقی هەولێرتان پێ دەگەیەنین و ئومێدەوارین بە پشتیوانی خوا و ئێوەی هەڵگرانی مەشخەڵی ڕووناکی بتوانین دەسکەوتی دیکە کە شایانی هەڵسەنگاندن بن وەدی بێنین ..

لە گەڵ ڕێزماندا ..

لقی هەولێر

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان

